# ڕزگاربوون لەڕزگارییدا! ... شەیدا بلباس

مرۆڤ واتەباوەڕ، بڕوا لەهەڵوێستدا خۆی دەنوێنێت، هەڵوێستیش خاوەن دوو وەڵامی دژبەیەکەو سێیەمی نییە.

ئازادی گیانێکەو ناولێنراوە، تەنیا لەبارەی دەپەیڤین و لەسەری دەنوسرێت؛ ئەگینا لەچەشنی درۆیێکی گەورەو گەڕانەبەدوای سەلماندنی بەڵگەکانی ڕاستبوونەوە. ئازادی لەشێوەی جەستەی مرۆڤ پارچەپارچەو بەشکراوە، سنووررێژکراوە، کورتدەکرێتەوەو دەخرێتەناو بازنەداخراوەکان.

بلیمەتی 'کریشنا مورتی' ساڵانێکی لەتەمەن تەرخانکرد، بۆ بەدواگەڕانی ئازادی، ئازادی لەهەموو شتێک و تەنێکدا، ئازادی لەگشت شوێنێکدا.. لەهەر کۆمەڵگایێکی مرۆڤایەتی، قامکی بۆ چەمکی ڕەخنەی لیبڕالی ئاراستەی دامودەزگای دیموکراسی، دەستوور و یاسا، و کۆمەڵەدامەزراوەرۆشنبیری و وڕامیاری، لەڕۆژهەڵات وئاوادا دەکرد. تا ئێستا زۆر لەئیدیالیست و ماتریالیست و وجودیەکان، ئایین و ئایینزاکان، هەتا وەرزشکارانیش بەتایبەتی یۆگا بەرابەرو مامۆستای ڕێبازەکانیان دەنرخێنن و سوودیان لەوانەکانی وەرگرتووەو دەیلکێنن بەبیروچکەکانیان. ئەم وەک بلیمەتێک نەوەستاوە، لەڕێی یۆگاشدا توانیویەتی هۆکارێکی ڕوحی لەسەر وەرزشکاران دروست بکات.

ئازادی شتێک نییەداواکاری بیت، یا پێت ببەخشن! بەڵکو هەر لەساتی لەدایکبوونەوە، وەکو ئەندامێکی لەش لەگەڵتدایەو پێتەوەلکاوە. ئەمڕۆ ساتێک باس لەئازادی دەکرێت، مرۆڤ سەرسام دەکات، کەچۆن ئەم بەشەبوونی بەم شێوەیەدابەشدەکرێت! بۆیەباس لەباسی ئازادی بنەڕەتی و بنچینەییە.. مرۆڤ لەوانەبێ ماوەیێک بێ نان و ئاو بژیت، کەچی مەحاڵەبێ بوونی ئازادی بتوانێت! مەگەر درۆ لەگەڵ زاتی خۆی بکات؛ کەئەمەش کارەساتەو چۆن مرۆڤ ئاساییەڕۆژێ چەندان درۆ لەگەڵ دەرەوەی خۆی بکات.. نازانم چۆن دەتوانێت ڕاستی لەخودی خۆی بشارێتەوەو خۆی پێڕازی بکات! کەدەکاتەهەڵگێرانەوەی هاوکێشەکانی ڕاستی، ئائەو ساتەخۆت دەکوژی ئازادی ئاوەژوو دەبێت؛ بەزانستی دەروونناسیش ئەستەمەمرۆڤ لەدەست ڕاستیدا ڕابکات.

ئازادی مرۆڤ گرێدراوەبەئازادی پەیڤین، ئازادی باوەڕ، ئازادی پەیڕەوی ئایینی، ئازادی خوێندن و نوسین، ئازادی ڕەخنەو ڕادەربرین، ئازادی سەفەر و خواردن و پۆشین، ئازادی سوود و چێژوەرگرتن لەسروشت و چۆنیەتی ژیانێکی ئارەزوومەندانە، نەک سەرکووتکردن و پەنگبوونەوەو سەپاندن، بەبێ هیچ بەربەستێک، بەمەجێک کەزیانی بۆ هیچ بوونەوەرێکی تر نەکەوێتەوە.

هەندێ کەس پێیان وایەکەبەختەوەری لەسەرمایەو هەبووندایە.. ئەمەدوورەلەڕاستی.. بەڵکو ژیان تاقەسەرمایەیەکەبەختەوەری تێدایە، بەمەرجێ کەمرۆڤەکەخۆی ئازاد بێ لەکار و کردەوە، ڕەفتار و ئاکارەناوەکی و دەرەکیەکانی. ژیان خۆی لەخۆیدا درۆیێکی زل و گەمەیێکی ئەزەلییە، کەهەر بەدوای نهێنیەکانی وێڵی و پەی پێنابەیت. هەر بۆیەکاتێک پرسیارگەلێک لەخەڵکان دەکرێت: 'چیت دەوێت لەدونیا، لەژیان؟!' هەر کەسەو داواکانی تا بەیانی تەواو نابێت.. کەچی کریشنا دەڵێت: 'هیچم ناوێت.. تەنها لێم گەڕێن بژیم بەئازادی.'

ژیان کەگەورەترین سەرمایەی مرۆڤەو بەراوردی لەبەرامبەر هیچ بەهایێکی تردا پێناکرێت. جا چاک بزانن کەرِوحی ژیان ئازادییە.. ژیانێکی بێ بوونی ئازادی مەرگەساتێکەبۆ خۆی. ئێمەتا لەنرخ و بەها و رەهەندەکانی ئازادی ووردنەبینەوەو شیکەینەوەو بەچاوێکی رِەخنەگرانەش نەخرێتەژێر لێکۆڵینەوەی زانستی و توێینەوەی ئەکادیمیانەی لەبارەوەئەنجام نەدرێت، چۆن بتوانین بەگرێکوێرەکانی نهێنی ژیان وئارەزووەکانی بگەین، بەبێ ئەو سەروەرییە! ' دیکارت' کەدەڵێت" من بیر دەکەمەوە، کەواتەمن هەم "، ئا لەو ساتەبیرکردنەوەیەدا بوونی خۆی دەسەلمێنێت و ئازادە.

گرنگ نییەچەند بژیت، گرنگەچۆن بژیت. هەر بۆیەلەکوردەواری خۆشمان دەڵێن " کەم بژی و کەڵ بژی".

ئازادی بۆ جارێکی تر لەناو توخمی مرۆڤ دابەشدەبێتەوەبۆ دوو رِەگی نێر و مێ، نێر ئازادی زێتر بەخۆی رِەوا دەبینێت و هەیبەتی خۆی بەسەر مێینەدەسەپێنێ و بەزاڵکردنی خۆی لەکۆمەڵگا، وایکردووەکەرِەگی مێینەلەتاریکستانێکی تۆبزاوە، پەنا بۆ خۆسووتان بەرێ لەپێناو ئازادی، لەبەرامبەر یاسا داخراوەکانی باوکسالاری. کاتێک نێر دەستەڵاتەکانی بوون و ژیان و ئازادی، هەمووی بۆ خۆی گلدەداتەوەو رِەگی بەرامبەرەکەی بەتەنێکی بێبەری لەماف و ئارەزوو، لاوازو بێبایەخ دەرِوانێ، بێشەرمانەو دلرِەقانە، رِەفتاری سزا بەرامبەر [ دایک و خوشک و یار و هاوسەر وکچدا ] دەنوێنێت؛ کەخۆی بەبەرپرس لەئاستیان دەزانێ و، ناهێڵێت هیچ هەڵسوکەوتێک بەبێ پرس و حەزی خۆی ئاڵوگۆرِبکرێت.. تەنانەت دەستوور و یاسا دەسکردەکانیش کەهەڵێنجی ناو پەیرِەوی ئایینی و کەلتووری نەتەوەییە، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نوسیوەو هەڵواسیوە.. کەبەلادان لەهێڵەسوورەکان، خاوەن مافەبۆ سزادان.

سەیرەساتێک کەگیانلەبەر نەماوە، دەستی بزێو درِندانەی مرۆڤی بەرنەکەوتبێت! تۆ بزانەلەپێناو مانەوەی چ کارەساتێکی وێرانکەرانەی بەرامبەر سروشت ئەنجام داوە.. بۆ گرتن و کوشتن و خواردنی گۆشت، دەستی پیرۆزی لەچ گیانلەبەرێک پاراستووە! خۆ لەشی مرۆڤ تەندروستیترەبەبێ گۆشت خواردن.

' میشێل فۆکۆ' پەنجەدەخاتەسەر ئەو خاڵەی کە: "کۆمەڵگا لەسزاوەگۆرِاوەبۆ کۆمەڵگای کۆنترۆڵ". خۆ کۆنترۆڵیش دوورەلەداب و نەرێتی مرۆڤایەتی و مرۆڤ لەدەست کۆت و بەندی کەلتوور، هێشتا گیری خواردووەو رزگاری نەبووەو تا ئازادانەلەکەژ و هەوایێکی ئازاددا بیربکاتەوەو خاوەن برِیار بێ و بتوانێت هەناسەیێکی ئازادی هەڵمژێت و ئازادانەبژیت.

ئازادی نەدەنگی هەیە، نەرِەنگ.. نەتامی هەیە، نەقەبارەو بێگومان بارستایی و کێشی لەبەرچاو نییە؛ تەنها هەستێکەوەکو خۆشەویستی.. بۆیەئامرازەکانی بوونی، بەپێی هاوکێشەی فیزیک، کەهەر تەنێک درێژی و پانی و بەرزی نەبێت، قەوارەی نییە.. کاتێک کەقەوارەش لەئارادا نەبێت، چۆن بارستاییت بۆ دەردەکەوێ؛ کەکێشیش لەدوای بارستایی سەرهەڵدەدات.

سەرچاوە

بەرزەفرِی هەڵۆ--- کریشنا مورتی/ ووتاری ئازادی- لەندەن1969